Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# یەكێتیی نووسەرانی كوردستان (دامەزراندن، چالاكی، هەڵوەشاندنەوە)

**دڵشاد عەلی محەمەد**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** dr.dilshad52@gmail.com

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Nawzad.ali@hotmail.com

## پوختە:

ساڵی ١٩٧٤ ئاگربڕی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق و حكومەتی بەعسییەكان كۆتایی هات و شەڕ لەنێوان هەردوولا دەستی پێكردەوە، یازدە مانگ شەڕ بەردەوام بوو، هەر لە سەرەتای شەڕەكەدا كۆمەڵێك نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند پەیوەندییان بە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش كرد و لە دامودەزگاكاندا دەستیان بە كارو چالاكی كرد، ژمارەیەكی زۆریان ئەندامی یەكێتیی نووسەرانی كورد بوون و توانیان ژمارە ١٢ لە گۆڤارەكەیان گۆڤاری نووسەری كورد دەربكەن، بەڵام ئەو یەكێتیی نووسەرانە لە بەغدا دامەزرابوو، نەك لەنێو شۆڕشدا. دوای هەرەسی ١٩٧٥ و دەستپێكردنەوەی شۆڕشی نوێ لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بە تایبەتیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆ یەكەمینجار لەناو سەنگەرەكانی بەرەنگاری و بەرگری لە خاكی كوردستاندا رێكخراوێكی تایبەت بە نووسەر و ئەدیبان دامەزرا و ناوی لێنرا یەكێتیی نووسەرانی كوردستان.

لەم توێژینەوەیەدا هەڵوەستە لەسەر دامەزراندن و كارو چالاكییەكانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان كراوە، پاشان هۆكاری هەڵوەشاندنەوەی باسكراوە. توێژینەوەكە، دابەشی دوو بەش كراوە، لە بەشی یەكەمدا بە وردی باس لە چۆنیەتی و هۆكارەكانی دامەزراندنی رێكخراوەكە كراوە، لەبەشی دووەمی بابەتەكەماندا لە رێگای چەندان لقە ناونیشاندا چاپەمەنی و چالاكییە ئەدەبییەكانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان خراوەتەڕوو. لەم باسەدا وەك شێوازێك بۆ دۆزینەوەی راستییەكان، پشت بە میتۆدی مێژوویی بەستراوە، بەڵام لایەنی وەسفیش فەرامۆش نەكراوە، هیوادارین بەم بابەتە رۆشناییمان خستبێتە سەر بابەتێكی ناڕۆشن لە ژیانی رێكخراوەیی پیشەیی لە كوردستاندا. .

**كلیلە وشەكان:** كوردستان، یەكێتی نوسەران، شۆڕش، یەكێتی نووسەرانی كورد، یەكێتیی نووسەرانی كوردستان، گۆار، كتێب، ئەدەبی بەرەنگاری.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## پێشەكی:

**بۆ ئەم باسە؟** دامەزراندنی یەكێتییێک بۆ نووسەرانی كوردستان و لەنێو سەنگەرەكانی پێشمەرگەدا ڕووداوێكی گرنگ بوو، هەم بۆ نووسەران هەم بۆ ڕۆژگاری ئەوسای شۆڕش. توێژەران ڕوویان لە بەرهەمەكانی ئەو یەكێتییە نەكردووە، كە كارەكانیان ببن بە سەرچاوە. لەم كارەدا هەوڵدەدەین كورتەیەک لە مێژووی دامەزراندن و كاروچالاكییەكانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان باس بكەین.

**سنووری كاركردن؛** یەكەمین بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو یەكێتییە ساڵی ١٩٨١ و یەكەم بەرهەمیشیان لە هەمان ساڵ بووە، كە گۆڤاری پێروو-ە. دوا بەرهەم و چالاكیشیان لەگەڵ ڕۆژانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ كۆتایی دێت، بە تایبەتیش لە كۆنگرەی شەقڵاوەی نووسەران ١٥-١٧/١٠/١٩٩١ كە بڕیاردرا یەكێتیی نووسەرانی كورد زیندوو بكرێتەوە. كەواتە سنووری ئەم توێژینەوەیە ١٠ساڵە لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١.

**كام تیۆر گونجاوە؟** لەپێناوی دۆزینەوە و ساغكردنەوەی بەڵگەنامەی مێژوویی باشترین تیۆر، تیۆری مێژووییە، كە وەک شێواز و ڕێگا وەڵامی كۆمەڵێک پرسیار دەداتەوە تا ڕاستی دێتە بەرهەم، بەڵام لە كارێكی لەم جۆرەدا لەپاڵ تیۆری مێژوویی، تیۆری وەسف، یاخود وەسفی ڕۆڵێكی فەرامۆش ناكرێت. كاركردن لە ڕێكخراوێكی پیشەیی وەک یەكێتیی نووسەرانی كوردستان ئەم دوو تیۆرە گرێدەدات بۆ گەیشتن بە ناساندن و ناسینی بەرهەم و چالاكییە ئەدەبییەكانی ئەو ڕێكخراوە.

**گرفتەكان؛** ڕێكخراوی ناوبراو، ڕێكخراوێكی نهێنی بووە، لەنێو سەنگەری پێشمەرگەدا كار و چالاكی نواندووە، ئەو سەنگەرەش بارەگای جێگیری نەبووە، كە بتوانێ بەرهەمەكانی بپارێزێت، بۆیە دەبینین زۆربەی چاپكراوەكانی شاخ دانەیان نەماوە، یاخود دۆزینەوەیان ئاسان نیە. لە كاتی كاركردن لەم باسەشدا دۆزینەوەی ژمارەی گۆڤارەكانی پێروو، نووسەری كوردستان، گزنگ، نوسەری نوێ گرفتی سەرەكی بووە.

**پلانی بابەت؛** ئەم باسە، سەرەڕای پێشەكی، لە دوو بەش پێكهاتووە. لە بەشی یەكەمدا سەرەتا هەڵوەستە لەسەر دەسپێک و دامەزراندنی ڕێكخراوەكانی ئەدیب و نووسەران كراوە، ئینجا وردەكارییەكانی دامەزراندنی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان باسكراوە. لە بەشی دووەمدا كاروچالاكییەكانی ئەو ڕێكخراوە خراوەتەڕوو، ناوەڕۆک و فۆڕمی چاپەمەنیەكانیش لە بیر نەكراوە، ئەمە و وەک هەر باسێكی زانستی ئەنجام نووسراوە، پاشان كورتەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، ئینجا لیستێک بۆ سەرچاوەكان ئامادەكراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# بەشی یەکەم

## دەسپێک و دامەزراندن

### دەستپێک و یەکێتی نووسەرانی کورد

لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا، نووسەر و رۆشنبیرانی کورد هەوڵیانداوە دەستە، یانە، ریکخراوی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، رۆژی ١٩٢٠/٥/٢٠ لە بەغدا یانەی سەرکەوتنی کوردان دامەزراوە، پاشان بزاڤی رۆژنامەگەریی و کتێب چاپکردن دەبن بە کەرەستەی تری هوشیاری و پردێک بۆ گفتوگۆ لەنێوان نووسەراندا. ئەگەرچی پێشتر ئەو جولەیە لە بەغدا دەستی پێکرد، بەڵام پاشان سلێمانی و هەولێر دەبن بە کوانووی جولانەکە. وەک دەستپێک بۆ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بە ئەدیب و نووسەرانی کورد، دیلانی شاعیر دەنووسێت(دیلان، مارس و حزیران ١٩٥٨، ل١) بابەتی کۆبوونەوەی نووسەر و شاعیرانی کورد بۆ باسکردن لە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی گشتی بۆ خۆیان، بابەتێکی هەنووکەییە لە کاروباری فکریماندا. ئەو فکرەیە هی ئەمڕۆ نیە، بەڵکو رەگی هەیە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٤ کە ئەو فکرەیەم لەبەردەم کۆمەڵێک لە نووسەر و شاعیرانی کورد لە شاری سلێمانی خستەڕوو بە حەماسەتەوە وەرگیرا و وەک هەنگاوی یەکەم لە قەڵەم درا و چەند بڕیارێکی لێ کەوتەوە. هەروەها لە سەرچاوەیەکی تردا نووسراوە؛ رۆژی ١٩٥٨/١٠/١٨ دەستەیەک لە نووسەر و ئەدیبانی سلێمانی وەک دەستەی دامەزرێنەر داخوازینامەیەکیان(عومەر، مانگی تەمموزی ١٩٨٨، ل٧) لە رێگای موتەسەریفی سلێمانی ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی عیراق کردووە بەمەبەستی دامەزراندنی "پەیوەستی نووسەر و وێژەرانی کورد" واتە رابطة کتاب و ادباء الاکراد، بەڵام رێگا نەدرا ئەو پەیوەستە دابمەزرێت.

ئەمە و ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد نووسراوە پڕە لە هەڵەو کەموکوڕی و لە گوتارێکی حزبی بترازێت هیچی تر نیە! بۆ راستکردنەوەی ئەو گوتارە حزبییە وا سەرەتا چەند پەرەگرافێک لە چەند سەرچاوەیەک دەنووسینەوە:

رۆژنامەی ئازادی حزبی شیوعی عیراقی کورتە پانۆرامەیەکی هەوڵەکان دەخاتەڕوو "ماوەیەکە باس لە دامەزراندنی یەکیتییەک بۆ ئەدیبە کوردەکان کەوتوەتەوە ناو. رۆژنامەی (پێشکەوتن). لەم باسەوە چەند جارێک نووسی. گۆڤاری (رۆژی نوێ)یش پرسیارێکی بەرەو رووی تاقمێک لە ئەدیبە کوردەکان کردووە، وە وەرامی هەندێکیشیانی بڵاوکردەوە کە لایەنی دامەزراندنییان گرتبوو. وەک لە پێش شۆڕشی تەمووزی پیرۆزیشا کاک حەمە سالح دیلان وتارێکی سەبارەت بەم باسە بڵاوکردەوە لە بەشی عەرەبی گۆڤاری (شەفەق)دا"( ئازادی، رۆژی ١٩٦٠/٥/٢٠، ل٣).

لە ساڵی ١٩٦٨ دوو تەقەلای تر هەبوو بۆ کۆکردنەوەی ئەدیبانی کوردی دانیشتووی بەغدا بەڵام سەری نەگرت. لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٩٦٩، گەڵاڵەی پرۆگرام و پێڕەوێکی ناوخۆی کۆمەڵەی ئەدیبانی کورد–ی ئامادەکرا و خرایە بەردەم ئەدیبانی بەغدا بۆ دەستکاریکردنی پرۆگرام و هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەر بە دەنگدانی ٢٨

رووناکبیری کوردی شارەکە ئەم زاتانە بوونە دەستەی دامەزرێنەر: د. مارف خەزنەدار، د. ئیحسان فوئاد، د.نەسرین فەخری، د.عیزەدین مستەفا رەسول، د.کامیل بەسیر و بەڕێزان: جەمال عەبدولقادر بابان، حەمەی مەلا کەریم، حسێن عارف، نووری عەلی ئەمین، خالید دلێر، کاکەم مەم بۆتانی، لە شوێنێکی تردا نووسراوە: "بە پێی رێککەوتنی نێوان حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٩/١٠/٩ بڕیاری مافی رووناکبیریی کورد لە حکومەتی عیراق دەرچوو. رێگەی بە رووناکبیرانی کورددا، یەکێتیی نووسەران و ئەدیبان دابمەزرێنن، بە مەرجێک ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق – کە دامەزرا-. بە پێی هەلومەرجی تازە، دەستکاری پرۆگرام و پێڕەو کرایەوە و ناوی- یەکێتی نووسەرانی کورد-ی لێنرا. لە ١٩٦٩/١١/١٨ داوایەک پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرا- پرۆگرام و پێڕەو و یانزە ئەدیب واژۆیان-ی لەگەڵ هاوپێچ کرا، پێش ئەوەی مانگێک بەسەر داواکەدا تێپەڕێت. وەزارەت بە نووسراوێکی فەرمی داوای لێکردن دەستکاری هەندێک ماددە و بەندی پێڕەوەکە بکەن. پاش جێبەجێکردنیان لە ١٩٦٩/١/١٠ داواکە درایەوە وەزارەت. لە ١٩٦٩/٢/٩ بە بڕیارێکی فەرمی ئاگادار کرانەوە کە لە ١٩٦٩/٢/١٠ وە یەکێتیی نووسەرانی کورد مافی کارکردنی ئاشکرایان هەیە(یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ل٩).

دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بوارێک رەخسا کە نووسەر و ئەدیبانی عیراق رێکخراوی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و هەر لە یەکەم کۆنگرەیاندا چەند نووسەرێکی کورد ئەندامی کۆنگرە بوون "دوای کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئەدیبانی عێراق هەروەکو خولی یەکەم ئەمجارەش لیژنەی ئەدەبی کوردی سەرلەنوێ هەڵبژێررا، کە لەم ئەدیبانە پێک هاتبوو محەمەدی مەلا کەریم، محەمەد رەسول هاوار، عەبدولسەمەد خانەقا و عەبدولرەزاق بیمار"( کەریم، ٢٠١٢، ل١٥)، هەروەها نووسراوە:"بەڵام تەمەنی ئەو یەکێتییە تەنیا پێنج ساڵ بوو بە بڕیاری دەسەڵاتدارێتی سەربازی داخرا ئەمەش دوای کوودەتای بەعسییەکان لە رۆژی ١٩٦٣/٢/٨دا، بۆ پێنج ساڵ ئەدیبانی عیراق بێ رێکخراو مانەوە، تا لە ساڵی ١٩٦٨دا جارێکی تر رێکخراوەکەیان ژیاندەوە و ئەمجارە چەند نووسەر و ئەدیبێکی کورد بیریان لەوە کردەوە کە ئەدیبانی کوردیش رێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت داخوازینامەیەک بە ئیمزای ئەم ئەدیبانە بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردرا بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت، جەمال عەبدولقادر بابان، دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسوڵ، دکتۆر ئیحسان فوئاد، دکتۆر نەسرین فەخری، دکتۆر کاوس قەفتان، محەمەدی مەلا کەریم، کاکەمەم بۆتانی، خالید دلێر، حسێن عارف، نوری عەلی ئەمین، ئەوەبوو" دوای هەوڵدانێکی دڵسۆزانەی ئەو بەڕێزانە و ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی بە پەرۆش بوون بۆ بەدی هێنانی خواستی ئەدیبی کورد لە ١٠-٢-١٩٧٠ وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە ئەدەبیە نوێ یەیدا(کەریم، ٢٠١٢، ل١٩). دەقی بڕیارەکە بە ژمارە ٤٠٥ و رۆژی ١٩٧٠/٢/٩ بە ئیمزای سالح مەهدی عەماش وەزیری ناوخۆ دەرچووە.

گفتوگۆکانی نێوان دەسەڵاتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق" باڵی بارزانی" رێککەوتنی ١١ی ئازاری لێکەوتەوە، هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە رێگای گفتوگۆوە، کۆمەڵێک دەستکەوت جێگیر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

کراون و ناکرێت نادیده بگیرێن:" له ١٠-١٠-١٩٦٩ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا؛ پێویسته له هەموو خوێندگاکانی ئامادەیی، پەیمانگاکان، زانکۆکان، خانەکانی مامۆستایان و کۆلێجەکانی سوپا و پۆلیس خوێندن به زمانی کوردی بێت، هەروەها کتێبه زانستی و ئەدەبی و سیاسییەکان به زمانی کوردی بن که گوزارشت له داخوازییه نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکەن و ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی کورد دەتوانن یەکێتیی تایبەت به خۆیان دابمەزرێنن.... هتد"( وزارة الاعلام، ١٩٧٢، لاپەڕە ٢٧). ئەمەو له سەرچاوەیەکی تردا نووسراوە؛ "بێ گومان لای زۆر کەس ئاشکرایه که یەکێتی نووسەرانی کورد له عێراق- مەڵبەندی گشتی له ١٠-٢-١٩٧٠ دامەزراوە، دوا بەدوای ئەو لقەکانیشی له شارەکانی کوردستان کرایەوە، بۆ نموونه به پێی ڕەزامەندی پارێزگای هەولێر و به فەرمانی ژمارە ٢١٤٦٧ له ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ لقەکەی ئەم پارێزگایەش کەوته کارەوە"(فەیزی، ١٩٨١، ل٥). بۆ لقەکانی تریش به هەمان شێوە. کەواته یەکێتیی نووسەرانی کورد، پێش ڕێککەوتنی ١١ی ئازار کاری بۆ کراوە و پێش ئەو مێژووەش مۆڵەتی کارکردنی له وەزارەتی ناوخۆ بۆ دەرچووە. بەڵام که ڕێککەوتنی دەسەڵاتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق له ١١ی ئازاری ١٩٧٠ رادەگەیێنرێت، دوای ماوەیەک گۆڕانکاریی له دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەراندا دەکرێت، "لەژێر پاڵەپەستۆی نوێنەرانی شۆڕشی ئەیلول، خالید دلێر و کاکەمەم بۆتانی وەلاوەنران، جەمال بابان-یش ئامادەنەبوو له تەک ئەوانی تردا کاربکات و وازی هێنا، هەژار(هەژار موکریانی) و ناکام(سەعید ناکام) و فەرەیدوون عەلی ئەمین چوونه شوێنیان و درێژەیان بەکاری دەستەی دامەزرێنەردا"( یەکێتیی نووسەرانی کورد، ٢٠١١، ل٦).

مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد، دابەشی ئەم قۆناغانه دەکرێت.

* قۆناغی یەکەم؛ دەسپێک ١٩٧٠-١٩٧٤

ئەمه قۆناغی زێڕینی یەکێتییەکەیە، لەو ماوەیەدا چەندان چالاکی نواندووە، وەک دەرچواندنی ١١ ژمارە له گۆڤاری نووسەری کورد، چالاکی و بەرنامه له تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا، هەروەها لقەکانیش خاوەنی دەیان چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرین.

* قۆناغی دووەم؛ خەباتی نهێنی ١٩٧٤-١٩٧٥

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندی کردنی کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب به شاخ و چالاکی نواندن له تەک هێزی پێشمەرگەدا، که چەندان بەرنامەی ئێستگەی ڕادیۆییان پێشکەش کردووە(هنا صوت کوردستان، هەر سێ ژمارەکە، ١٩٧٤-١٩٧٥)، هەروەها له دامودەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانی پێشمەرگەدا کاریان کردووە و دەرکردنی ژمارە ١٢ له گۆڤاری نووسەری کورد.

* قۆناغی سێیەم؛ هەڵسانەوە و کپکردن


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

تا ساڵی ١٩٧٧ یەکێتیی نووسەرانی کورد چالاکی نابێت. ساڵی ١٩٧٨ کۆنگرەی پێنجەم دەگیرێت و چالاکییەکان دەست پێدەکەنەوە. ساڵی ١٩٧٩ش کۆنگرەی شەشەم بەڕێوەدەچێت و گۆڤارەکەش وەک خوولی دووەم دەست بە دەرچوون دەکاتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ بەعس بڕیار دەدات، یەکێتیی نووسەرانی کورد تێکەڵاو بە یەکێتی نووسەر و ئەدیبانی عیراق ببێت و تەواوی کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەردا بگیرێت، هەر چۆنێک بوو ئەوان تا ساڵی ١٩٨١ درێژەیان بە خەبات داوە. لەم قۆناغەدا گۆڤاری نووسەری کورد ١٢ ژمارەی لێدەرچووە. بەم شێوەیە یەکێتیی ناوبراو هەڵدەوەشێنرێتەوە، تەنیا چەند کەسێک دەچنە ناو یەکێتییە عیراقییەکە و گۆڤاری نووسەری کورد وەک خوولی سێیەم دەردەکەن بەڵام خۆیان بە درێژەپێدەری یەکێتیی نووسەرانی کورد نازانن(نووسەری کورد، ١٩٨٦، ل٣).

ساڵی ١٩٨٠ بە ژمارە ٧٠ یاسای "یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەران لە وڵاتی عیراق" دەرچووە، وەک لە یاساکەدا هاتووە، بوار بە هیچ نەتەوە و ناوچەیەک لە عیراق نادرێ، کە ڕێکخراوی تایبەت بۆ نووسەران دابمەزرێنن. ئەم یاسایە گفتوگۆ و ناڕەزایی لێکەوتەوە، بە تایبەتیش لە لایەن نووسەر و ئەدیبانی کورد، دوای دوو ساڵ لە ڕەتکردنەوە و کۆبوونەوەدا ساڵی ١٩٨٢ یاسای ژمارە ١٢١ دەرچووە، هەمواری یاسای پێشوو کراوەتەوە و بەندی پێنج و شەش بۆ ماددەی یەکەم زیاد کراوە و ڕێگا دەدات، یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەران لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لقێک بکاتەوە بەناوی لقی ئەدیب ونووسەرانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا. دوای ئەوەی کە یاسایەکە هەموار کرایەوە، دەرگای یەکێتیی نووسەرانی کورد داخرا و نەیتوانی چالاکی تر ئەنجام بدات(نووسەری کورد، ژمارە ١١ و ١٢، ١٩٨٣)، هەروەها ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٩ بە نووسراوی ژمارە ١٧٩٨، داوا لە یەکێتیی نووسەرانی کورد کراوە، کەلوپەلەکانیان بە یەکێتیی گشتی ئەدیب و نووسەرانی لە وڵاتی عیراق بدەن.

دوای ئەمە گۆڤارێک بەهەمان ناوی نووسەری کورد دەرچووە، بەڵام ئەوەتە خۆیان دانی پێدادەنێن، کە گۆڤارەکەیان گۆڤاری یەکێتیی ئەدەب و نووسەرانی عیراق- نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردییە، هەروەها نوسراوە لە ڕۆژی ی ١٩٨٤/٨/٢٤دا یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد دامەزراوە، کەواتە یەکێتییەکی دیکە بۆ نووسەرانی کورد دامەزراوە(نووسەری کورد،١٩٩٠، ل٣)، ئەمەش ناونیشانی گۆڤارەکەیانە "بەغدا گۆڕەپانی ئەندەلوس- یەکێتی گشتیی ئەدیب و نوسەرانی عیراق". بەم شێوەیە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مۆمی مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد کوژایەوە، بەڵام لە شاخ و لەگەڵ سەنگەری پێشمەرگەدا یەکێتییەکی چالاک و دەوڵەمەند بە بەرهەم دامەزراوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان

"ساڵی ١٩٨٠ بە مەبەستی جێ بە جێ کردنی سیاسەتی شۆڤێنییانەیان گۆڕانیان بەسەر یاسای یەکێتی گشتی ئەدیب و نووسەرانی عێراقدا هێنا، مەبەستی سەرەکیش لەو گۆڕانکاریەدا هەڵوەشاندنەوەی سەربەخۆیی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو"(ئیسماعیل، ٢٠٠١، ل١٧٢)، وەک وەڵامێک بۆ ئەو سیاستە شۆڤێنییە، دەستەیەک لە ئەدیب و نووسەرانی کورد"رۆژی ١٩٨٠/١٢/٣ لە بارەگای دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە توژەڵە بانگەوازیکیان بۆ نووسەرانی کورد بڵاوکردەوە و تیایدا رایانگەیاند کە لیژنەی ئامادەکردنی یەکیتی نووسەرانی کوردستان پێکهاتووە، بڕیاردرا گۆڤارێک بەناوی پێروو بڵاوبکەنەوە. بۆ زانیاری زیاتر ئەم ئەدیبە پێشمەرگانە لە کۆبوونەوەکەی توژەڵە بەشدار بوون: دڵزار، ئەرسەلان بایز، عەباس محەمەد حسێن(حاجی مەمۆ)، هەڤاڵ کوێسانی، ئەبوبەکر خۆشناو ئامادەبوون و ناسر حەفید، محەمەد رەنجاو بەهۆی بەفر بارینەوە و ئەوانی تریش بەهۆی دوورییان لە بارەگاکانی سەرکردایەتی نەیانتوانی بەشدار بن، ئەم بڕیارانە دران: پێک هێنانی دەستەی ئامادەکردن لەم بەڕێزانە: دڵزار، عەباس محەمەد حوسێن، رەفیق سابیر، هەڤاڵ کوێستانی. دەرکردنی گۆڤارێک و دانانی دەستەی نووسەران لەم بەڕێزانە: ئەبووبەکر خۆشناو، رەفیق سابیر، ناسر حەفید، هەڤاڵ کوێستانی(خۆشناو، ١٩٩٤/٦/٢٣، ل٦)، بەڵام بە گوێرەی سەرچاوەیەک (بنکەی نووسەری پێشمەرگە، ، ١٩٨٠، ل١). پێش ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی تر لە دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوە بۆ درووستکردنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان. پێش راگەیاندنی ئەو رێکخراوەش، کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب، کە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون لە ژێر ناوی "بنکەی نووسەری پێشمەرگە" کاریان کردووە، بەو ئیمزایە پێشەکیان بۆ নامیلکەی چلەی شەهیدبوونی جەمیل رەنجبەر نووسیوە و تیایدا هاتووە: "ئەم چەند نوسینە لە دەرونی ئەو نوسەر و هاوڕێ یانەی شەهید هەڵقوڵاون کە چەند رۆژەک بەر لەم چل دانە رۆژە، پێشئەوە نەخشەی سەرهەڵدانی یەکێتیی نوسەرانیان دەکێشا" (بنکەی نووسەری پێشمەرگە، ، ١٩٨٠، ل١).

لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان یەکەم نۆبەرەیان گۆڤارێکە بەناوی "پێروو"، "لە ئاداری ١٩٨١ یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو"(خۆشناو، ١٩٩٤/٦/٢٣، ل٦). لە وتەی سەرەتای گۆڤارەکەدا کە ناویان ناوە"چەند وشەیەک"و ئیمزای دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەی لەسەرە، نووسراوە:"دوای ئەوەی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا، بە شێوەیەکی بابەتی و سروشتی لە دایک بوو، پاش هەوڵێکی دڵسۆزانەش گۆڤاری نووسەرانی کوردستانیش، وەک ئەستێرەیەکی گەش، لەسەر لوتکە بڵندەکانی کوردستانەوە، کەوتە درەوشانەوە... بەو هیوایەی ببێتە مینبەرێکی ئازاد بۆ هەموو دەنگێکی نەترسی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ، تا بتوانێ دڵسۆزانە هەموو قەڵەمە پێشکەوتنخوازەکان کۆبکاتەوە و راستگۆیانەش تەعبیر لە دەنگ و وێژدانی هەموو ئەو نووسەرە کوردستانیانە بکات کە پاراستنی ئەدەب و هونەری رەسەنی میللەتەکەیان، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن. هەروا بەو ئومێدەی هەنگاوێکی کاریگەرانەش بێ بۆ بەرەو پێشەوەبردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان و زیاتر دەرخستنی رووی فاشیستانەی رژێمی بەعسی رەگەزپەرست. ئێمە لای خۆمان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بەڵێن دەدەین کە لەسەر ڕێبازی دروستی خزمەت بە ئەدەب و هونەری پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان، درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین و دەرگای گۆڤاری (پێروو)ش بۆ هەموو نووسەرێکی دیموکراتیخواز و راستگۆ لەسەر پشتە و بێگومان هاریکاری و بەشدارییکردنیش لە بەجێ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزەدا شەرەفێکی ئەدەبی و نیشتمانی گەورەیە"(پێروو،١٩٨١،ل٢)، بەڵام دوای ئەوەی بەعس یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە "وەک بەرپەرچ دانەوەیەکی رژێمی خوێن و سێدارەی صەدام لە کلیل دانی یەکێتی نووسەرانی کورد و درێژەپێدانی گۆڤاری نووسەری کوردی خەباتگێر، لیژنەی ئامادەکردن بڕیاریدا ناوی پێروو بگۆڕێت بە گۆڤاری نووسەری کوردستان ( کە نزیکترە لە ناوی یەکێتی نووسەرانی کوردستان-ەوە). گۆڤاری نووسەری کوردستان خۆی بەدەنگی هەموو ئەدیب و روناکبیری راپەرین پێشکەوتخوازی گەلەکەمان ئەزانی و بەشەرەف و شانازییەوە ئەرکی بەرگری لە ئەدەب و کەلەپوری نەتەوەکەمان ئەگرێتە ئەستۆ و پەیمان بۆ نووسەری کورد و هەموو گۆڤار و رۆژنامە دلێر و چاونەترس و جوانەمەرگەکانی کورد تازە ئەکاتەوە، کە ئەمیش لە هەمان سەنگەری بەرگری لە مافە رەواو پێشێل کراوەکانمان ئەبێ وەک ئەوان بە پێوە بژی و هەر بەپێشەوە جوانەمەرگ و شەهید بێ"(نووسەری کوردستان، ١٩٨١، ل٤)، ئیتر لێرەوە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان جەسوورانەتر دێتە کۆڕی خەبات و پەرە بە چالاکییەکانی دەدات.

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٩٨١ تا ١٩٩١، پڕ بەرهەمترین رێکخراوی ئەدەبییە، لە بواری چاپکردنی گۆڤار، کتێب، کۆڕ و کۆبوونەوە، بەرنامەی ئێستگەی رادیۆیی مێژوویێکی پرشنگداری هەیە.

## بەشی دووەم

## چالاکی و هەڵوەشاندنەوە

یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە ناوچە ئازادکراو و سنووری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەدا خاوەنی چەندان چالاکییە لە چەشنی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەشداریی لە بۆنە کوردستانی و نەتەوەیی و حزبییەکاندا کردووە، بەڵام زیاتر کاری لەسەر بواری کتێب چاپکردن و دەرکردنی چەند گۆڤارێکدا کردووە.

### گۆڤارەکان

لە ماوەی ١٠ ساڵدا پێنج گۆڤاری دەرکردووە، کە ئەمانەن؛

**١- پێروو**

تەنیا یەک ژمارەی لێدەرچووە و ئەویش مانگی ئاداری ١٩٨١ دەرچووە و دوای ئەو ژمارەیە ناوی گۆڤارەکە بۆ نووسەری کوردستان دەگۆڕن و لە ژمارە ١ دەست بە دەرچوون دەکات. لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان گۆڤاری پێرووی دەرکردووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

### ٢- نووسەری کوردستان

گۆڤاری دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بووە و لە ماوەی ١٠ ساڵدا هەژدە ژمارەی لێدەرچووە(ئەحمەد، ١٩٩٨، ل٤٨)، لەو ژمارانەدا دوو ژمارەی تایبەتە، یەکێکیان بە شیعر و ئەویتریش بە چیرۆک. ژمارە ١، مانگی ئابی ساڵی ١٩٨١ و دوا ژمارەش کە ژمارە ١٨ یە، زستانی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە. ژمارەی لاپەڕەی ژمارەکانی گۆڤارەکە لە ٨٠ لاپەڕە تا ١٨٠ لاپەڕەیە. ئەگەرچی تیراژی بە گوێرەی پێویست نیە، بەڵام لە ناو شارەکاندا دانەی لەبەر گیراوەتەوە. قەبارەی نیو فۆلسکابە یاخود زیاترە.

### ٣- گزنگ

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لقی کەرکوک، لە شاخ لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٩ چواردە ژمارەی لێدەرچووە(ئەحمەد، ١٩٩٨، ل٦). ژمارە ١، نیسانی ١٩٧٢، ٨٠ لاپەڕەیە، لە شاری کەرکوک دەرچووە. لە شاخدا لە زنجیرەی ژمارە ٢ دەست پێدەکات تا ژمارە ١٥. ژمارە ٢ مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٣ و ژمارە ١٥ مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە. دوای راپەڕینی ١٩٩١ لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوک درێژەی بە دەرچوون داوە. ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان ٩٠ بۆ ١١٠ لاپەڕەیە. لە قەبارەی نیو ئەی فۆڕ دایە.

### ٤- نووسەری نوێ

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان- لقی هەولێر. تەنیا یەک ژمارە دەرچووە، ئەویش ساڵی ١٩٨٣ یە.

### ٥- بانگ

گۆڤاری بانگ لەژێر ناوی گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان دەرچووە. کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٩ دامەزراوە. چوار ژمارە لە گۆڤاری بانگ و حەوت کتێب و نامیلکەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ژمارە ١ لە کۆتایی ١٩٨٩، ژمارە ٢ لە مانگی ئاداری ١٩٩٠، ژمارە ٣ مانگی ئایاری ١٩٩٠، ژمارە ٤ مانگی ئابی ١٩٩٠ دەرچووە. بەڵام ژمارە پێنج لەژێر ئەم ناسینە دەرچووە؛ بانگ ژمارە ٥، خولی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەریکردووە. گۆڤارێکە تایبەتە بە هەواڵ و چالاکی رۆشنبیری. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوەکە، واتە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان. هەردوولایان لەژێر ناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان درێژەیان بە خەبات داوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## چاپ و چاپخانە و دیزاین

زۆربەی کتێب و گۆڤارەکانی یەکێتیی نووسەری کوردستان لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراون بە تایبەتیش لە چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف، تەنیا سێ ژمارەی سەرەتای گۆڤاری نووسەری کوردستان نەبێت لە چاپخانەی حزبی شیوعی عیراقی چاپکراون، چونکە سەرەتا وا بڕیار بوو، ژمارەیێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپی بکات، ژمارەکەی تر حزبی شیوعی عێراقی چاپی بکات. ئەگەرنا گۆڤارەکانی پێروو، نووسەری کوردستان، گزنگ، نووسەری نوێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپی کردوون. بۆ زانیاری زیاتر چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف، لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردستانی دامەزرابوو، تەواوی پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرد. لە زۆربەی ژمارەکاندا ناوی دەستەی نووسەران یاخود سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکانی یەکێتیی نووسەرانی نەنووسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی کۆتایدا ناوی چەند نووسەر و ئەدیبێک لەسەر گۆڤارەکە داندراوە.

### فۆڕم

لەباری دیزایندا گۆڤار و چاپکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان وەک هەر چاپکراوێکی رۆژنامەگەریی سەردەمی شاخ بە تایپی دەستی، یاخود بە تایپی ئای بی ئێم بابەتەکان خراونەتە سەر ستێنسڵ، بە رۆنیۆ چاپکراون. پاشان ئۆفسێتی بچووک بەکارهێنراوە، یاخود بە ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. گۆڤارەکان هێلکاریی و وێنەیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام نەک بە رێژەیەکی بەرچاو. تەنیا لە چەند ژمارەیەکدا لە رەنگێک زیاتر بۆ چاپکردنەکەی بەکارهاتووە، بە تایبەتیش لە بەرگدا. قەبارەیان زۆر جیاواز نیە.

### ئامانج

سەبارەت بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە و هەڵوێستی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، ئەم رستانە لە گۆڤارەکە دەگوازینەوە "لەوەتەی یەکێتی نوسەرانی کوردستان هاتۆتە کۆڕی خەبات و سەنگەرە ئەدەبیەکانی خۆی لە تەک سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دامەزراندوە لەو وەختەوە یەکێتی نوسەران.. مەسەلەی پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی جەوهەری بەرگریانەی ئەدەبی کوردی کردووە بە ئەرکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی سەرشانی خۆی زانیوە، بێ درێخی کردن و بە هاریکاری پێشمەرگە دلێرە لەخۆبردووەکانی کوردستان. هەرچی تاقەت و توانایە، هەرچی ئیمکانیاتی هونەری و چاپەمەنی پێشمەرگانەی ناو شۆڕشە تەرخانی کردووە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەمینانەی ئەم ئەرکە پیرۆزە.... لێرەوە دەوری گرنگی ئەدەب و هونەر و رۆشنبیری بەرگری دەست پێ دەکات، بەڵی لێرەوەیە دەگوترێ: چەکی ئەدەب ئەوەندەی چەکی پێشمەرگە کاریگەرە چونکە ئەگەر تفەنگی پێشمەرگە رووبەڕووی هێرشە خوێناوییەکەی دوژمنان ببێتەوە ئەوا ئەدەب لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

مەیدانێکی دیکەدا کە مەیدانی هێرشی رۆشنبیری و ئەدەبی و گیانییە، چەکی قەڵەم و مەرەکەب و دەفتەر و کتێب دەخاتە کار"( جوامێر، ١٩٨٤، ل١).

لە گۆڤارەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا لە چەندان ژمارە و بابەتدا، بە تایبەتیش لە وتەی ژمارەدا باس لە ئەدەبی بەرەنگاری کراوە، ئەوان پێیان وایە ئەدەبی بەرەنگاری هەڵقوڵاوی ژیانی پێشمەرگایەتییە و وەڵامێکە بۆ سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان دەرهەق بە مافە رەواکانی خەڵک، لە یەکێک لە ژمارەکاندا هاتووە "ئەدەبی ناو شۆڕش (واتە ئەو ئەدەبەی لەناو شۆڕشدا بڵاودەکرێتەوە) دەبێ لە زۆر رووەوە جیاواز بێ لەو بەرهەم و ئەدەبەی نووسەرانی ناو شار بۆ بڵاوکردنەوەی ناو گۆڤار و رۆژنامە ئاشکراکانی ئەوێ ئامادەی دەکەن و دەینووسن. یان هەر نەبێ لەژێر گوشاری دڕندانەی رژێم دەیهێننە کایەوە و سەدان هەناسەی سازگاری خۆیانی تیا دەخنکێنن. ئەدەبی ناو شۆڕش پێویستە شان بە شانی چەکی پێشمەرگە بە گژ داگیرکەران و زوڵم دابچێتەوە و گیانی خۆڕاگرتن و بەرگری کردن لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا بخولقێنێ و سەر و سیما و ناوەڕۆکی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی پێوە دیار بێ"( دەستەی نووسەران، ١٩٨٥، ل٦).

## ناوەڕۆک

بابەتی گۆڤارەکان بەسەر شیعر، چیرۆک، شانۆگەری، چاوپێکەوتن، وەرگێڕان، وتار، رەخنە، لێکۆڵینەوە دابەش دەبن و بەشێکن لە رەنگدانەوەی ژیانی ئەوێ رۆژێی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و بەرەنگاری و ئەو ستەم و تاوانانەی کە داگیرکەران دەرهەق بە نەتەوەکەمان پێڕەویان دەکرد. بە وردبوونەوە لە بابەتەکان، کەواتە گۆڤارەکان گرنگیان بە هەموو هونەرەکانی ئەدەب داوە. هونەری ئەدەب بەسەر شیعر و پەخشاندا دابەش دەکرێت. بواری پەخشان لە بواری شیعر فراوانترە و چەندان لق و بەشی لێدەبێتەوە وەک؛ چیرۆک، رۆمان، شانۆگەریی، وتار. بە خوێندنەوەی بابەتەکانی هەر پێنج گۆڤارەکەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەبینین ناوەڕۆکی دەقەکان بەشێکن لە ژیانی پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی ئاکار و سیاسەتی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەو ئەدەبەش دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەرەنگاری.

ئەدەبی پێشمەرگە و شاخ، دوو زاراوەی تازەن لەگەڵ خەباتی حزبایەتی و چەکداریدا لەنێو ئەدەبیاتی ئێمەدا شوێنپێی خۆیان کردۆتەوە. هەموو دۆخێکی ئاسایی یاخود داسەپاو وەک دوو رووبەری جیاواز، فەزای ئیشکردنی جیاواز بە کۆمەڵێک وشە و زاراوە دێنێتە نێو فەرهەنگی زمانی رەخنە و شێوازێکی دۆخئامێز لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، زاراوەی ئەدەبی شاخ یاخود پێشمەرگە زادەی ژیانی چەکە. ئەدەبی بەرەنگاری ئێمە لەنێو هەناوی سیاسەت و حزبدا لە دایک بووە، بەڵام هەوڵیداوە کەسێتی هونەریی ئەدەبی خۆی لە دەست نەدات!

ئەدەبی بەرەنگاری هەر تەنیا پەیوەست نیە بە تاوان و ستەمەکانی داگیرکەر و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر! ئەمە بۆ هەموو نەتەوە و وڵاتێک ئاسایی نیە، چونکە لە خەباتی درێژی چەکداریدا، سەرکردەکان ناتوانن تاسەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

جڵەوگیری هەموو جومگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بکەن! لێرەوە ئەرکی هونەرەکانی ئەدەب سەختتر دەبن، کە بە چ کەرەستەیەک خەوش و کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی بخاتە چوارچێوەی دەقەوە.

ئەو بەرهەمانەی لە گۆڤارەکانی پێروو، نووسەری کوردستان، گزنگ، نووسەری نوێ، بانگ بڵاوکراونەتەوە، وێنەی ئەوێ رۆژێی خەباتی چەکداری میللەتێکە کە نیو سەدە زیاترە خەبات لە پێناوی ئازادی و رزگاریدا دەکات. هێما و نیشانەکان کاڵتر دەبنەوە چونکە فەزای ئیش و بڵاوکردنەوە لە شار و رۆژنامەگەریی ئاشکرا جیاوازترە، ئەگەر لە شار هەڵۆ پێشمەرگە بێت و رێگا و کاروانیش نیشانەی شۆڕش بن، ئەوە لەو گۆڤارانەدا پێشمەرگە و شەهید و سەنگەر دەبن بە ئایکۆنی بەرەنگاری بۆ بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان و قوربانیدان. ئەم بۆچوونانە بۆ کتێبە چاپکراوەکان و بەرنامە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش دەگونجێن، کە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بەڕێوەیانی بردوون.

*** کتێب**

هێشتا تەمەنی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان نەببوو بە چەند مانگێک، دەستی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی ئەدەبی کردووە. لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١ شەست کتێب و نامیلکەی هەمەجۆری لە بابەتی؛ شیعر، چیرۆک، شانۆگەری، رۆمان، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ئەمە ناوی چەند کتێبێکە؛

- رووبارێکی خوێناوی، شیعری: شەهید جەمیل رەنجبەر ١٩٨١.
- ٢٤ سەعات لە خەو و بێداری، نووسینی: سەمەدی بەهرەنگی، و: رەفیق سابیر ١٩٨١.
- دیوانی حسین مەولود ئەحمەد "شەهید مەلا عەلی" کانوونی دووەم ١٩٨٢.
- یەکەمین مامۆستا، نووسینی: جەنگیز ئایتماتۆڤ، و: مستەفا غەفوور ١٩٨٢.
- شانۆگەری: گێژەڵوکە، نووسینی: مەحمود دیاب، و: محەمەد حەمە باقی ١٩٨٢.
- فۆنیمەکانی زمانی کوردی، د. کەمال فوئاد ١٩٨٢.
- لە کۆڕێکی پێشمەرگانەدا، شیعری چەند شاعیرێک ١٩٨٣.
- کاروانی نوێ، شیعری: شەهید شەماڵ "محمدامین شێخ علی" کانوونی دووەم ١٩٨٤.
- یەکەمین خۆشەویستی، و: رەوەز، ئایاری ١٩٨٤.
- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری" شەهید بەرزان عوسمان"، ئایاری ١٩٨٤.
- گۆرانی بەرگری، شیعری: عوسمان شەیدا، ١٩٨٤.
- چەپکێ خەمی کەسک، شیعری: ئەحمەد عارف، ١٩٨٤
- داستانی هەڵۆی سوور، شیعری: جوامێر،١٩٨٤.
- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی یەکەم، شیعری: جوامێر،١٩٨٥.
- هەرەس، رۆمان، محەمەد موکری ١٩٨٥.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی دووەم، شیعری: جوامێر ١٩٨٤.
- کەشکۆڵی پێشمەرگە، بەشی سێیەم، شیعری: جوامێر ئەیلولی ١٩٨٥ .
- بەرەو چیا، چیرۆکی: ڕێبوار عەبدوڵڵا ئەحمەد، ١٩٨٥.
- ئاوێنە بچکۆڵەکان، کورتە شیعر، جوامێر، ١٩٨٥.
- گەڕانەوە بۆ حەیفا، نووسینی: غەسان کەنەفانی، و: ئەحمەد عارف، ١٩٨٥.
- پەڕینەوە، شیعری: مەوجود سامان، ١٩٨٦.
- خاکی دایک، نووسینی: جەنگیز ئەتماتوف، ڕۆمان، و: ژووان، ١٩٨٦.
- رووباری خوێن، ئۆپەرێتێکی شیعرییە، جەوهەر کرمانج ١٩٨٦.
- راپەڕینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠، نووسینی: جەلیلی جەلیل، و: سامی شۆڕش، ١٩٨٦.
- رووبەڕوو لە سێبەری چیادا، چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، ئا: بێستوون، ١٩٨٦.
- تۆڵە، ڕۆمان، محمد موکری ١٩٨٦.
- پێناسنامەکان، نووسینی: عەزیز نەسین، و: حەمەکەریم عارف ١٩٨٦.
- نێچیر، چیرۆک، محمد موکری ١٩٨٦.
- هەڵۆ"داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە"، شیعری: جوامێر ١٩٨٦.
- بەیداخ، چیرۆک، حەمەکەریم عارف ١٩٨٧.
- تفەنگ، شیعری: جەوهەر کرمانج ١٩٨٨.
- تەم توومان، شیعری: شێرکۆ بێکەس، ئایاری١٩٩٠.
- جیهانبینی ئەندێشە و هونەری نووسین، نووسینی: میخائیل خراپچنکو، و: سەرۆ١٩٩٠.
- پێخواسان، نووسینی: زاهاریا ستانکو، و: سەرۆ ١٩٩١. (ئەم کتێبانە هەمووی لە ئەرشیفی توێژەر پارێزراون).

زۆربەی هەرەزۆری ئەم کتێب و نامیلکانە لە چاپخانەکانی: شەهید ئیبراهیم عەزۆ و شەهید جەعفەر چاپکراون، ئەم دوو چاپخانەیە، لە چاپخانە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، بەڵام وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە، دوای ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپخانەیەکی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دابینکرد و ناوی لێنرا چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف، گۆڤار و کتێبەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەو چاپخانەیە چاپدەکران.

### * کۆڕ و کۆبوونەوە

ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە هاندان و پشتگیری کردن لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، باشترین بەڵگەش بابەتەکانی دووتوێی چاپەمەنییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانە، ئەمە و بەردەوامیش کۆڕ و کۆبوونەوەیان بۆ پێشمەرگە و خەڵکی گوندە ئازادکراوەکان سازکردووە، بە تایبەتیش ئەندامانی لقەکانی هەولێر و کەرکوک. ئەدیب و نووسەرەکان زۆربەشیان وەک پێشمەرگە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بەشداربوونە لە جەولە و بۆسەدانانە بۆ دوژمن و هێرشكردن بۆ سەر دامودەزگانی بەعس، لەو پێناوەدا چەند ئەندامێكی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان وەك جەمیل رەنجبەر، بەرزان عوسمان، شەماڵ"محەمەد ئەمین" شەهید دەبن. یاخود لە زیندەكانی بەعسدا گۆرانی سەركەوتن بۆ شۆڕش دەڵێن و مەدالیای شەهیدبوون لە مل دەكەن، لە پێش هەموویاندا شەهید مەلا عەلی.

*** بەیاننامە**

یەكێتیی نووسەری كوردستان وەك ڕێكخراوێكی پیشەیی، ئەركی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی راپەڕاندووە، چەندان ڕووداوی نەخوازراو لەسەر گۆڕەپانی كوردستان ڕوویانداوە، بە تایبەتیش پەیوەندی ناتەندرووستی نێوان هێزە كوردستانییەكان. ئەوان دڵگران بوون بە شەڕی ناوخۆی نێوان هێزەكانی كوردستان، هەر زوو هەڵوێستیان نواند، بەیاننامەیان دەركردووە و وەفدیان بۆ لایەنەكان بەڕێكردووە! هەروەها لە چەندان بۆنەدا بە دەركردنی بەیاننامە و لێدوان هەڵوێستی خۆیان بەیان كردووە. هەر تەنیا وەك بەڵگەیەكی مێژوویی ئاماژە بەو بەیاننامەیە دەدەین كە رۆژی ١٩٨٤/٥/١١ بۆ پشتگیری لە خەباتی مەدەنی خوێندكارانی مانگرتووی زانكۆی سەلاحەددین لە هەولێر دەریانكردووە، نووسیویانە: "وەك دەزانن مانگێك پترە خوێندكار دلێرەكانی زانكۆی سەلاحەدین بەوپەڕی قارەمانەتیەوە ڕووبەڕوووی ئەو كاربەدەستانە بوونەتەوە كە بەزۆر و ناڕەوا دەیانەوێت شتی لاوەكی و نارەوایان بەسەردا بسەپێنن و لە خوێندن و زانستیان دوور بخەنەوە. خوێندكارەكانیش وەك هەڵوێستی گشتی نەتەوەكەیان فێری بەرەنگاری و خۆبەدەستەوە نەدانن و هەرگیز مل بۆ بڕیارێك كەچ ناكەن كە بڕوایان پێی نەبێت" لە پەرەگرافێكی تری بەیاننامەكەدا نووسراوە: "پێویستە نووسەران، قەڵەم و هەڵوێستیان یەك بخەن بۆ پتەوكردنی ئەم ڕێبازە شۆڕشگێڕانەی خوێندكاران و پاڵپشتیان بكەن". بە سەیركردنەوەی لاپەڕەكانی گۆڤاری نووسەری كوردستان چەندان بەیاننامە دەبینین كە ڕێكخراوی ناوبراو دەریكردووە و لە ژمارەكانی گۆڤارەكەدا بڵاوكراونەتەوە.

*** ئێستگەی رادیۆ**

ئێستگەی رادیۆ لە شۆڕشدا كاریگەریی فراوان و ڕاستەوخۆی لەگەڵ گوێگران و خەڵكی شار و شارۆچكە و گوندەكان هەبووە، هەربۆیە نووسەر و ئەدیبان بە گشتی و ئەندامانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان بە تایبەتی هەوڵیانداوە پەیامی نووسینەكانیان لە رادیۆ بڵاوبكەنەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئێستگەی دەنگی گەلی كوردستان بەرنامەیەكی هەفتەنامەی تایبەت بە ئەدەبی بەرەنگاری هەبوو، كە ئەندامانی یەكێتیی نووسەرانی كوردستان ئامادەیان دەكرد و گەلێك جاریش هەر خۆشیان پێشكەشیان دەكرد. هەروەها بەشداریان لە نووسینی وتاری رۆژی ئێستگە و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەكاندا دەكرد، ئەوان هاوكارێكی بەردەوامی بەرنامەكانی ئێستگە بوون، بە تایبەتیش لە ئێستگەی رادیۆی دەنگی گەلی كوردستاندا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## نووسەر و ئەدیبان

لە هەر پێنج گۆڤارەکەی یەکێتیی نووسەرانی کوردستاندا، دەیان نووسەر بە بەرهەمەکانیان بەشداریان کردووە، دەتوانین بنووسین بەرهەمی زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی کورد دێنە بەرچاو، چ ئەوانەی پێشمەرگە بوون، چ ئەوانەی لەناو شارەکان دەژیان و بەناوی خواستراو بەرهەمیان بۆ گۆڤارەکان دەنارد. بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس هەر لە ساڵی ١٩٨١ وە تا ساڵی ١٩٨٥ کە دەبێتە پێشمەرگە لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کوردستان و گزنگدا بەناوی خواستراوی پیرۆت یاخود جوامێر بەرهەمی هەیە. بۆ زانیاری سەبارەت بە ناوی نووسەر و بەرهەم و ناوەڕۆکی هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردستان و گزنگ دەکرێت سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکرێت(ئەحمەد، ١٩٩٨، لاپەڕە ٤٨ تا ٧٧)، هەروەها (ئەحمەد، ١٩٩٨، لاپەڕە ١٠ تا کۆتایی کتێبەکە).

## هەڵوەشاندنەوە!

تەمەنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەگەڵ ڕۆژانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە کۆتا هات و لە کۆنگرەی یەکێتی نووسەران لە شەقڵاوە، کە لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ و ١٦ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ بەسترا، لەوێ بڕیاردرا نووسەران بگەڕێنەوە سەر ناوە کۆنەکە و لەژێر ناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەست بە کار و چالاکییەکانیان بکەنەوە.

کۆنگرەی شەقڵاوە، کە بە کۆنگرەی ڕاپەڕین ناودێر کراو بە ئامادەبوونی زیاتر لە دووسەد ئەندام کارەکانی بەڕێوەبرد، لە هۆڵی کۆنگرە و لە باجی ئەندامانی کۆنگرەدا، تەنیا نووسرا بوو "کۆنگرەی یەکێتیی نووسەران"، واتە هەڵگری ناوی کورد یاخود کوردستان نەبوو، لە ڕۆژانی کۆنگرەدا گفتوگۆیەکی گەرم سەبارەت بە ناوی ڕێکخراوەکە کرا، بەڵام لە کۆتایدا بۆ ناوە کۆنەکە واتە یەکێتیی نووسەرانی کورد گەڕانەوە، ئیتر یەکێتییەک نەما بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، یەکێتیی نووسەرانی کورد زیندوو کرایەوە.

## ئەنجام

- لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا دادەمەزرێ، زۆربەی ئەندامەکانی بریتی دەبن لە نووسەر و ئەدیبانی کورد، دەتوانین ئەو یانەیە ناو بنێین، یانەی ئەدیب و نووسەرانی کورد.

- دوای سەرکەوتنی شۆرشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ هەوڵێکی جدی دراوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵە، یاخود دەستەیەک بۆ نووسەر و ئەدیبانی کورد، بەڵام دەسەڵاتداران بە نەرێنی وەڵامی داخوازینامەی نووسەران و ئەدیبانی کوردیان داوەتەوە. ساڵی ١٩٦٨ هەوڵێکی تر دراوە، ئەویش سەرنەکەوتووە.

- ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب داخوازینامەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عیراق کردووە، بۆ دامەزراندنی یەکێتییەک بۆ نووسەرانی کورد، سەرەتا مەرجی ئەوەیان بۆ داناون، کە ببن بە ئەندام لە یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق، بەڵام دۆخێک هاتۆتە پێشەوە ئەویش دانان بووە بە مافی ڕۆشنبیریی کوردی و

ئەوانیش سوودیان لەو بڕیارە وەرگرتووە و وەزارەتی ناوخۆ ڕۆژی ١٩٦٩/٢/١٠ دان بە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەنێت. کەواتە یەکێتیی نووسەرانی کورد پێش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ مۆڵەتی ئیشکردنی پێدراوە.

– ساڵی ١٩٨٠ حکومەتی بەعس تەنگ بە یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵدەچنی و بوار نادەن کە بەو ناوە بەردەوام بن، فشارەکان توندتر دەکرێن، ساڵی ١٩٨٣ دەرگای یەکێتیی نووسەرانی کورد دادەخرێت و ڕێکخراوێک نامێنێت بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

– لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، وەک وەڵامێک بۆ هەڵسوکەوتەکەی بەعس، بڕیار دەدەن لە شاخ و لەناو سەنگەری پێشمەرگەدا ڕێکخراوێک بۆ نووسەران دابمەزرێنن، دوای چەند کۆبوونەوەیەک ناو لە ڕێکخراوەکەیان دەنێن؛ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.

– چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بەسەر بڵاوکردنەوەی پێنج گۆڤار و شەست کتێب دابەش دەبن، سەرەڕای سازکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامەی ئێستگەی رادیۆیی.

– لە ماوەی ١٠ ساڵەی تەمەنیدا یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ١٨ ژمارە لە گۆڤاری دەستەی بەڕێوەبەر واتە گۆڤاری نووسەری کوردستان–ی دەرکردووە، لەگەڵ ١٤ ژمارە لە گۆڤاری گزنگ، کە گۆڤاری لقی کەرکوکیان بووە، هەروەها یەک ژمارە لە گۆڤاری پێروو، یەک ژمارەش لە گۆڤاری نووسەری نوێ ی لقی هەولێر، ئەمە و ژمارە پێنجی گۆڤاری بانگ–یش بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەرچووە.

– ئەو شەست کتێبەی وەک زنجیرەی بڵاوکراوەکانی دەریکردووە، بریتین لە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆگەری و ئۆپەرێت، وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە.

– تەمەنی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لەگەڵ ڕاپەڕنی ساڵی ١٩٩١ کۆتایی دێت، ئەویش دوای ئەوەی لە کۆنگرەی شەقڵاوەی نووسەران بڕیار دەدرێت، نووسەران بۆ ناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد بگەڕێنەوە و بەو شێوەیە ڕێکخراوێک نامێنێت بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# Kurdistan Writers' Union Its Foundation, Activities and Dissolution

**Dilshad Ali Muhammed**
Department of Kurdish Language, College of Languages, University of Sulaimani, Sulaimani,Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.dilshad52@gmail.com

**Nawzad Ali Ahmed**
Department of Kurdish Language, College of Languages, University of Sulaimani, Sulaimani,Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Nawzad.ali@hotmail.com

**Abstract:**

The ceasefire between the Kurdistan Democratic Party-Iraq and the Baathist government in 1974 came to an end, and fighting between the two sides resumed. The war lasted another eleven months. At the start of the war, a group of writers and artists reached out to areas controlled by the revolution and formed organizations. Many of them were members of the Kurdish Writers' Union and They were able to issue 12 of their magazine, but the writers' union was established in Baghdad, not in the revolution. After the collapse of 1975 and the resumption of the new revolution in the areas under Peshmerga control, especially in the early 1980s, for the first time in the battlefields of resistance and defense in Kurdistan, a special organization for writers and writers was established, called the Kurdistan Writers' Union..

The Kurdistan Writers' Union's establishment and activities were addressed in this study, and the reason for its cancellation was clarified. The first section of the study, which was split into two sections, focused on the efficiency and explanations for the organization's formation. The publication chosen by the Kurdistan Writers' Union through a series of criteria is the subject of the second part of the study.

**Keywords:** Kurdistan, Writers Union, Dissolution, Revolution.

## سەرچاوەکان:

ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠١.

بنکەی نووسەری پێشمەرگە، چەپکێک گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل رەنجبەری شەهید، بێ چاپخانە ١٩٨٠.

جوامێر، داستانی هەڵۆی سوور، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان زنجیرە ژمارە ١٦، بێ چاپخانە ١٩٨٤.

مستەفا ساڵح کەریم، یەکێتیی نووسەرانی کورد، رێباز و هەڵوێست، لە چاپکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٢.

عیزەدین فەیزی، یەکێتیی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ، چەند بیرەوەریەکی رۆژنامەگەری یە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر ١٩٨١.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، یاسین قادر بەرزنجی، بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، پێشەکی: جەمال عەبدول، لە چاپکراوەکانی لیژنەی باڵای یادی ١٠٠ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی، سلێمانی ١٩٩٨.

نەوزاد عەلی ئەحمەد، گۆڤاری گزنگ لێکۆڵینەوە و بیبیۆگرافیا، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٨

یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی، وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی ژمارە ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١١.

وزارة الاعلام- مديرية الاعلام العامة، ينفيذ بيان ١١ اذار، السلسلة الاعلامية ٣١، دار الحرية للطباعة- مطبعة الحكومة، بغداد ١٩٧٢.

ئازادی (رۆژنامە)، ژمارە ٩، ساڵی ٢، رۆژی ١٩٦٠/٥/٢٠.

کوردستانی نوێ ( رۆژنامە)، ژمارە ٧١٤، رۆژی ١٩٩٤/٦/٢٣.

نووسەری کوردستان(گۆڤار) هەموو ژمارەکان ١ تا ١٨، ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١.

نووسەری کورد(گۆڤار)، خولی دووەم، ژمارە ١٠ و ١١، ١٢، ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٣.

رەنگین(گۆڤار)، ژمارە ٩، مانگی تەمموزی ١٩٨٨.

الشفق(مجلة)، العدد ٥،٦، المجلد ، كركوك، مارس و حزيران ١٩٥٨.

هنا صوت كوردستان(نشرة)، ٣ اعداد، ١٩٧٤.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021